# مستەفا کازمی عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

31-08-2020

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** زیاتر لە 60 کۆبوونەوەی نێوخۆیی و دەرەکی لە ماوەی 2 مانگی رابردوودا[1]، ئەمە بۆ مستەفا کازمی، ئەویش لە وڵاتێکی وەکوو عێراق، کارنامەیەکی پڕجووڵەیە. هەڵبەت زیاترلە کردارو جووڵە، نێوەڕۆك و ئەنجامەکانی بایەخی هەیە.

**زریان ڕۆژهەڵاتی|**

**بەرایی**

زیاتر لە 60 کۆبوونەوەی نێوخۆیی و دەرەکی لە ماوەی 2 مانگی ڕابردوودا[1]، ئەمە بۆ مستەفا کازمی، ئەویش لە وڵاتێکی وەکوو عێراق، کارنامەیەکی پڕجووڵەیە. هەڵبەت زیاترلە کردارو جووڵە، نێوەڕۆك و ئەنجامەکانی بایەخی هەیە. کازمی گەلێکجار ئاماژەی بە سیاسەتی بێلایەنی لە دەرەوە و نیشتمانی بوون لە نێوخۆ کردۆتەوە. دۆخی گشتی سیاسەتی جیهان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرفەتێکی باشی بۆ ئەو ڕەخساندووە تا ئەگەر بۆ ماوەی کاتیش بێت هاوسەنگییەك ڕابگرێت و بەرهەمەکەی بچنێتەوە. لە سیاسەتی نێوخۆشدا، هەرچەند زووە بەڵام تا ئێستا گۆڕانێکی جەوهەری بەدی ناکرێت.

**کازمی و کێشەکانی عێراق!**

سەرۆکوەزیران لە کارنامە وەزارییەکەی خۆیدا ریفۆرم، چارەسەرکردنی تەگەرە ئابووری و داراییەکان، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، چارەسەرکردنی گرفتەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ڕاگرتنی هاوسەنگی لە سیاسەتی دەرەوەی وەك گرنگترین بنەماکانی کاری خۆی داناوە.[2]هەڵبەت بەشێوەی کرداری زیاتر بایەخی بە پرسەکانی ئەمن و سیاسەتی دەرەوە داوە. لە کۆی 60 دیدار و کۆبوونەوەی دوو مانگدا، 22 دانەی بۆ کاروباری سیاسەتی دەرەوە و 38 دانەی بۆ کاروباری سیاسەتی نێوخۆ تەرخانکردووە کە لەوانەشدا هەندێکیان کۆبوونەوەی ئاسایی حکومەتن. هەندێکیان دیداری بنەماڵەی قوربانییەکانن کە لەوانەیە بایەخێکی جەماوەری بۆ سەرۆکوەزیران هەبێت. زیاتر لە 10 دانەشیان تایبەت بوون بە کاروباری ئەمنی و سەردانی بنکە و بارەگاکانی پۆلیس. ئەمەش بایەخی کاروباری ئەمنی- سەربازی لای سەرۆکوەزیران زەقدەکاتەوە. بێگومان کەڵەکەبوونی پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وادەخوازێت کە بایەخی زیاتر بە بوارەکانی ئابووری، پەروەردە و تەندرووستی بدرێت بەڵام، ئەوانە لە خشتەی کۆبوونەوەکانی سەرۆکوەزیردا نزمترین پلەیان هەیە و هەریەکەیان، 1 یان 2 کۆبوونەوەی بۆ تەرخانکراوە و بۆ پەروەردەش هەرهیچ تەرخان نەکراوە.

هەرچەند ناکرێ ناهەقی لە مستەفا کازمی سەرۆکوەزیران بکرێت، چوونکە سوکانی دەسەڵاتێکی وەرگرتووە کە کێشەکانی نزیکەی 2دەیەی ڕابردووی بەسەریەکدا کەڵەکە کردووە. کاتەکەیشی هێشتا زووە بۆ ئەوەی نمرەیەکی هەق بە کارنامەی کازمی بدرێت، بەڵام ئەگەر ماوەی داهاتووش وەك ئەو دوو مانگە بڕوات، ڕەنگە ئەویش دواجار پرسە سەرەکییەکان تەنیا حەواڵەی کات و کەسێکی دیکە بکات.

**خاڵی سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەیە؟**

عێراق جەرگستانی کێشمەکێشێکی ناوچەیی و جیهانییە. پێگەکەیشی دەرفەتی پێداوە هەتا بتوانێت ئەگەربۆماوەیەکی کاتیش بێت لەسەر پەتی جیاواز یاری بکات. کازمی لە ماوەی ڕابردوودا چووە ئێران، دوای ئەوەش سەردانێکی ئەمریکای کرد وهەر دوای گەڕانەوەیشی ڕووی لە کۆبوونەوەی سێقۆڵی میسر و ئوردن و عێراق کرد و دواتریش، دەرگای بۆ وەزیرانی ئەورووپی و خەلیجی کردەوە. وادیارە لە دوو مانگی داهاتووشدا، کۆبوونەوەی عێراق و ئەنجوومەنی هاوکاری کەنداو دەکرێت. بۆیە ئەو، ڕۆژانێکی پڕجووڵەی لە سیاسەتی دەرەوەدا هەیە و ئەمەش هەم پێگەکەی وەك سەرۆکوەزیر بەهێزتر دەکات، هەم دەتوانێ بە کردەوە بە کەڵکی عێراقیش بێت. بۆنموونە کارەبا بابەتێکە کە ئەو دۆخەی سیاسەتی دەرەوە و باری نێوخۆیی عیراقی پێکەوە گرێداوە. ڕکابەرییە ناوچەیی و جیهانییەکان دەرفەتێکی باشی بۆ عێراق ڕەخساندووە تا هیوای بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارەبا بە یارمەتیی دەرەکی زیاتر بێت. کۆمپانیای جەنراڵ ئەلکتریك ڕایگەیاندووە کە ئەوان تۆڕی کارەبای عێراق و ئوردن پێکەوە گرێدەدەن.[3] ئێران جەختی کردۆتەوە کە ئەوان گەورەترین ویستگەی کارەبا لە بەسرە درووستدەکەن[4] و تا 2021یش گرێبەستیان لەبارەی کارەبا لەگەڵ عێراق کردووە. وابڕیارە تۆڕی کارەبای عێراق بە کارەبای خەلیجیش ببەسترێتەوە و لەوێشەوە 500 میگاوات کارەبای پێبگات.[5] تورکیاش ئامادەیی دەربڕیوە کە لە ملی باکوورەوە کارەبا بە عێراق بدات و بۆئەوەش باڵیۆزی ئەنکەرە لەبەغدا لەگەڵ وەزیری کارەبای عیراق کۆبوونەوەی کردووە.[6]

ئەمە دەتوانێت بۆ بابەتەکانی وەکوو شەڕی دژی تیرۆر و زیادکردنی سەرمایەگوزاری بیانی لە وڵاتیش بەوجۆرە بێت، هەتا ئەو کاتەی کە عێراق هەوڵبدات بەکردەوە لە نێوان جەمسەرە جیاوازەکاندا بێلایەن بێت. هەڵبەت ئەگەر بتوانێت! دنیا بە قۆناخێکی گوزەردا دەڕوات و هەتا ماوەیەك وڵاتێکی وەك عێراق دەتوانێ لە بەینی لایەنە جیاواز و دژبەرەکاندا بێت و بچێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە دۆخی

نێوخۆیی عێراق و دنیا تا چەند ڕێگە بە درێژەکێشانی ئەوە دەدەات؟

**کەڵکەکەی لیستی هەڵبژاردنی**

یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی سیاسەتی نێوخۆ چارەنووسی ناڕوونی بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت و ئەگەری دروستبوونی لیستی نوێی هەڵبژاردنییە. هەڵبژاردن بەربەستی تەکنیکی و سیاسیی لەبەردەمدایە وسەرۆکوەزیرانیش گوتوویەتی کە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو خۆی کاندید ناکات، بەڵام لە رستەی دوای ئەوەدا باسی لەوە کردووە کە بەپێی توانا پشتیوانی لە "هێزی نیشتمانی" دەکات.[7] ئەمەش ئەو گریمانەیە ڕەتناکاتەوە کە لەوانەیە بە تەمای دروستکردنی لیستێك بێت. زانیاری جیاجیا، جموجۆڵی سەرۆکوەزیر بۆ باسکردن لە لیستێکی هەڵبژاردنی لەگەڵ هەندێك لەو سیاسییانەی کورد و سوننە کە پێگەی جەماوەریی بەهێزی نیوخۆییان نییە پشتڕاست دەکەنەوە، بەڵام دیار نییە کە ئایا دواجار بە کردەوە ئەمە دەکات یان تەنیا وەکوو کارتێکی گوشار لەبەرامبەر کوتڵە پەرلەمانییەکانی ئێستا بەکاری دێنێت؟

هەرچۆنێك بێت پرسی سەرەکی لەعێراق دروستبوونی کوتلەیەکی سیاسی نوێ نییە. ئەمە دەتوانێت کێشەی نێوخۆیی شیعی وتەنانەت کێشەی نێوخۆیی کوردیش زیاتر قووڵ بکاتەوە. لەوانەیە دروستکردنی لیست، هەقی سەرۆکوەزیران و هەر کەسێکی دیکەش بێت بەڵام، پرسی جەوهەری لەم وڵاتە گەشەکردنی خێرای نفووس، بێکاری و لاوازی پەروەردە و کەڵەکە بوونی گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئیداری و سیاسییەکانن کە تا ئێستا روانگەیەکی ورد و روون بۆ چارەسەرکردنیان لە ئارادا نییە.

**ئەنجام**

چاوەڕوانییەکی زۆر لە کازمی بۆ ئەوەی کە دۆخی گشتی عێراق چاك بکات، گەندەڵی نەهێڵێ، چەك بە تەواوی بخاتە دەستی دەوڵەت و دیموکراسی و فیدراڵییەتی راستەقینە بەرقەراربکات لە جێدا نیە. ئەو بۆخۆی دواجار بەرهەمی تەوافقێکی نێوخۆیی شیعییە ئینجا تەوافقی نێو پێکهاتەکانی عێراق. بۆخۆیشی هەروا دەجوڵێتەوە. بۆیە بۆ نموونە بەرلەوەی کە بچێتە ئەمریکا لەگەڵ سەرکردە شیعییەکان کۆدەبێتەوە وکاتێکیش گەڕایەوە هەر لەگەڵ ئەوان کۆبووەوە! بێجگە لەوە، ئەو بەرهەمی رەزامەندیی بایەتییانەی هەردوولای ئێران و ئەمریکایشە. بۆیە چاوەڕوانیکردنی گۆڕانی بنەڕەتی لە هێڵەکانی سیاسەتی عێراق زەحمەتە.

عێراقی سەردەمی کازمی دەتوانێت بۆ ماوەیەکی سنووردار سوود لە جەمسەربەندییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەربگرێت. بەڵام هێشتا ئاماژەیەکی بەهێزنییە بۆ ئەوەی کە بتوانێت کێشە بنەڕەتییەکانی نێوخۆ چارەسەر بکات.

[1] -زانیارییەکانی وێبسایتی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ماوەی نێوان 29-6-2020 تاوەکوو 29-8-2020 بە نموونە وەگیراوە.

[2] -https://www.pmo.iq/press2020/6-5-202002.htm

[3] -https://www.mawazin.net/Details.aspx?jimare=120025

[4] -
https://www.skypressiq.net/2020/8/29/%D8%A7%D8%A8%D8%B1%D8%B2-%D9%85%D8%A7-%D8%AA%D8%AD%D8%AF%D8%AB-%D8%A8%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%81%D9%8A%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D9%8A%D8%B1%D8%A7%D9%86%D9%8A-%D9%84%D8%AF%D9%89-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%A7%D9%8A%D8%B1%D8%AC-%D9%85%D8%B3%D8%AC%D8%AF%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%88%D9%85

[5] -https://rawabetcenter.com/archives/113591

[6] -https://www.turkpress.co/node/71668

[7] -https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/2708202017